# گریمانەی دیاریکردنی مێژوو بۆ سەرهەڵدانی دەستەوشەیەک


فەرامەرز ئاغابەیگی

(یەزد)



**ئاماژە**

زۆر جار لە دەقی بەیتەکان تووشی بابەت و دەستەوشەیەک دێین کە دەسپێکی بەکارهێنانەکەی ڕوون نییە؛ هەر ئەم نادیارییەش دەبێتە هۆی ئەوە کە بە دوای مەسەلەکەدا بچین و بەپێی توانایی خۆمان هێندێ ڕوونکاریی بۆ بکەین. دەستەوشەیەک کە لەم وتارەدا هاتوونەتە بەرباس، «برنجی سەدری»یە. تێڕامان لەم مەسەلەیە کە پێشینەی بەکارهێنانی دەستەوشەی برنجی سەدری لەناو بەیت و وێژەی زارەکی، بۆ کەی دەگەڕێتەوە، ناچارمان دەکا بزانین ئەم دەستەوشەیە بە چییەوە پێوەندی بووە کە بەم جۆرە ڕاگوێزراوەتە ناو بەیت و سەرزار. بۆ ئەنگاوتنی بابەتەکە، پێویستە بەر لە هەر شتێک پێناسەیەک لەمەڕ «حاجی محەمەد حسەین خان سەدر ئیسفەهانی» بێنینەوە، تا ئامانجی باسەکە لەم ڕەهەندەوە بێتە بەر تاووتوو.


## حاجی محەمەد حسەین خان سەدر ئیسفەهانی کێ بووە؟

لە کتێبی «ڕەجاڵ ئێران» لەبارەی حاجی محەمەد حسەین خان سەدر ئیسفەهانییەوە ئاوا هاتووە کە سەرەتا حاجی محەمەد، شاگردی پیاوێکی عەللاف بووە و بەگوێرەی وتەی فەتحعەلی خانی سەبا مەلیکولشوعەرا؛ «لە کاکێشانەوە گەیوەتە کەشکەڵان.» دەنگۆیە

هـۆی هەڵدانـی حاجـی محەمـەد لەسـەرەتاوە، ئـەوە بـوو کـە کاتـێ ئاغامحەمەدخـان- دوای مەرگی کەریم خان زەند- لـە شیرازەوە هەڵدێ بـۆ ئیسـفەهان، دەچێتـە ماڵـی حاجـی محەمـەد حسـەین خـان و ئەویش میوانداریيەکی شـایانی لـێ دەکا؛ ئاغامحەمەدخـان ئـەو ئەمەگدارییـەی هـەر لەبـەر چاو دەمێنـێ، پاشان دەیکاتـە حاکمی ئیسـفەهان. (بامـداد،١٣٧١: ج٣/٣٨١ - ٣٧٩)

محەمـەد سەدرهاشـمی لـە وتارێکـدا بـەوردی لەبـارەی (حاجـی محەمـەد حسـەین خان)ـەوە دواوە کـە لێرەدا چەنـد خاڵێکـی ئـەو وتـارە، بـۆ ناسـینی کەسـایەتی ناوبـراو، دێنینـەوە:

حاجـی محەمـەد حسـەین خان سـەدر ئیسفەهانی، کاتێ دەچێتە ناو دەزگای حکوومەتی ئاغامحەمەدخانی قاجارەوە، سـەرناوی «ئەمینولدەولـە»ی پـێ دەدرێ، پاشـان لـە سـەردەمی فەتحعەلـی شـای قاجـاردا، سـەرناوی «نیزامولدەولـە»ی پـێ دەبەخشـن و دواجاریش کـە بە سـەدارەت دەگا، سـەرناوی سـەرەک وەزیری (صدراعظم)ی دەدرێتـێ. لـە ساڵی١٢١٠ک/ ١٧٩٥ی زایینـی، کـە ئاغـا محەمەدخـان دەبێتـە شـا، حوکمداتـی ئیسـفەهانی پـێ دەسـپێردرێ. جگـە لـە ئیسـفەهان، بەهـۆی لێوەشـاوەیی و شـارەزایی لـە کاری بەڕێوەبەرایەتـی، حوکمڕانیـی قـوم و کاشانیشـی پـێ دەبەخشرێ کـە سـەرجەم مـاوەی یـازدە سـاڵ (١٢٢١-١٢١٠ک)، حاکـم و بەڕێوەبـەری ئـەم شـوێنانە دەبـێ. لـە سـاڵی ١٢٢١ک/ ١٨٠٦ز، فەتحعەلـی شـا، پلـەی «موسـتەوفییولمەمالکی»ی پـێ دەبەخشـێ کـە تـا سـاڵی ١٢٣٤ک/١٨١٨ز، خـاوەن ئـەم پێگەیـە دەمێنێتـەوە، بـەڵام دوای ئـەوەی میـرزا محەمـەد شـەفیع- سـەرەک وەزیری فەتحعەلـی شـا- لـە قەزوین دەمرێ، پلـەی سـەرۆک وەزیـری (صدارت عظما)ی پـێ دەسـپێردرێ. لـەم ڕێکەوتـەوە (١٢٣٤ک)، ئیتـر دەبێتـە خـاوەن سـەرناوی سـەرەک وەزیـر (صدراعظم) و پاشـگری «سـەدر»ی ناوەکەی- سـەدر ئیسفەهانی- لەواقیعدا



**حاجی محەمەد حسەین خان سەدر ئیسفەهانی**

کورتکـراوەی ئـەو سـەرناوە؛ واتـە «صدراعظم»ـە. (سەدرهاشـمی،١٣٢٥: ٥٧-٤١)

حاجی محەمەد حسـەین خان سـەدر ئیسفەهانی، لـە بـواری بیناسـازی و فێرگـە دروسـت کـردن، زۆر چالاک بـووە، بـۆ نموونـە؛ «مدرسـەی صدر بازار بزرگ»، «مدرسـەی صدر خواجو» و ... تـاد، یادگاری بەجێمـاوی ئـەون (سەدرهاشـمی، ١٣٢٥: ٥٧-٤١) حاجـی محەمـەد حسـەین خـان، سـێ دیـاری بـە نـاو؛ «تەختـی تـاوس»، «دەرەختـی جەواهێـر»، «کورسـی جەواهێـر»، پێشـکەش بـە فەتحعەلـی شا کـردووە (بامـداد،١٣٧١: ج٣/ ٣٨١ -٣٧٩). سـەرەنجام لـە سـاڵی ١٢٣٩ک/ ١٨٢٣ز، دوای ٢٩ سـاڵ دەسـەڵاتداری، بـە نەخۆشـیی زەردوویی، لـە سـەردەمی فەتحعەلـی شـادا، ژیانی کۆتایـی پـێ دێ. (سەدرهاشـمی، ١٣٢٥: ٥٧-٤١؛ بامـداد،١٣٧١: ج٣/٣٨١-٣٧٩)

یەحیـا دەوڵـەت ئابـادی، سـەرەڕای ئامـاژە بـە خێرخوازیـی حاجـی محەمـەد حسـەین خـان و ڕۆڵـی گرینگـی ئـەو وەک یەکـەم کەسـایەتی ئێـران لـە سـەرەتای سـەدەی سـێزدەی کۆچـی

مانگـی، دەنووسـێ: «حاجـی محەمـەد حسـەین خـان تەنیـا لـە نەجـەف، قـەڵا و فێرگـەی دروست نەکردووە، بەڵکوو بینـا و مەدرەسـەگەلی سـەدر، لـە ئیسـفەهان و تـاران و شـارەکانی دیکـەی ئێـران فراوانـە، هەروەهـا لـە برەودانـی حاسـڵ و بەروبـووم لـە ئێـران هەوڵـی زۆری داوە؛ قەڵەمـکاری (نیگارکێشـی) سـەدری و برنجـی سـەدری، دوو نموونـە لـە یـادگاری بەجێمـاوی ئـەون.» (دەوڵـەت ئابـادی،١٣٦٢: ج١/ ٣٦-٣٥)

## برنجی سەدری

لـە کۆبەنـدی ئـەم پێناسـەیەی سـەرەوە، بەتایبـەت دوایین ڕستەی یەحیا دەوڵـەت ئابادی، دەکرێ بڵێیـن کـە بـە سۆنگەی حاجـی محەمـەد حسـەین خانـی سـەدر ئیسـفەهانییەوە، نـاوی «برنجـی سـەدری» لـە ناوچـە کوردنشـینەکان، پـەرەی سـەندووە و دیـارە بەهـۆی هەبوونـی دەسـەڵات و دارایـی پێویسـت، بازرگانـی ئـەم کارە بـۆ ئـەو، شـتێکی ئاسـایی بـووە. لـەم ڕووەوە دەتوانیـن بڵێیـن بەکارهێنانـی دەستەوشـە و ڕێکەوەنـدی «برنجـی سـەدری» پێوەنـدی ڕاستەوخۆی بـە حاجـی محەمـەد حسـەین خـان سـەدر ئیسـفەهانییەوە هەبـووە و هـەر لـەو سـەر تاڵـەوە دەتوانیـن تیشـک بهاوێنـە سـەر مێـژووی بەکارهێنانـی دەستەوشـەکە لەنـاو فۆلکلـۆر و بەیتـی کوردیـدا.

هـەر وەک ئامـاژەی پێ کرا، ماوەی دەسـەڵاتداریی حاجی محەمـەد حسـەین خـان، لـە ١٧٩٥-١٨٢٣ی زایینیـدا بـووە؛ بـەم پێیـە دەتوانیـن مێـژووی سـەرهەڵدانی دەستەوشـەی برنجی سـەدری، لـەم مـەودا زەمانییـەدا دەستنیشـان بکەیـن؛ واتـە لـە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەیەمـەوە کەڵـک لـەم دەستەوشـەیە وەرگیـراوە (٢)، بـەڵام ئەم مەسـەلەیە نیشـانەی ئـەوە نییـە کـە بـەر لـەو مێژوویە، باسـی برنـج لـە نـاو کوردانـدا نەبووبـێ (٣)، بەڵـکوو بەپێچەوانـەوە، پێشـاندەری ئەوەیـە کـە لـە مێـژووی دیـاری کـراوی سـەرەوە، مەسـرەفی ئـەم جـۆرە برنجـە لەنـاو کـوردان لەچـاو جۆرەکانـی تـر زیاتـر پـەرە دەسـتێنێ، کـە دیارە ئەویش لەبەر باشبوونی برنجـی سـەدرییە. لـە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینـەش «سـەدری»، بەجۆرێـک برنجـی بـاش نـاو بـراوە (هەنبانەبۆرینـە:٤٣٢). لـە فەرهەنگـی گیـوی موکریانـی، لەمـەڕ برنـج و جۆرەکانی لە کوردستاندا نووسـراوە: دانەوێڵەیەکـی سـپی و زەرد و ناسـراوە و وەگەنمـی دەچـێ. چەڵتووکـی پاککـراو. چەنـد جۆرێکـە لـە کوردسـتانێدا: ١- گردەیەنـەگازە ٢- سـەدری ٣- گەرمە: زوو ڕەس ٤- سـاردە: درەنگ پێـدەگات ئـاوی پاییـز دەخواتـەوە ٥- مەولـەوی ٦- عەنبـەر. (گیـوی موکریانـی: ١٠٤)

وەک دەبینـرێ ئـەم دەستەوشـەیە زیاتـر لەنـاو بەیتـەکان بـەکار دەهـات، بـۆ وێنـە:

**وەرە ئازیزێ لێوی بە من بمێنێ بە قەیتانێکی ئاڵ**
**ددانی بە برینجی سەدری**
**ئەگەر بە بارخانە دێنن لە ڕەشت و گێلانێ**
**ڕوومەتی بە گوڵی دە شێست پەڕێ..**
(گەنجی سەر بە مۆر: ٨٠)

**

**ئەو مەمکانـەی بـە من بمێنن بە سێوە لاسوورەکەی دە تورجانێ**
**ئەگـە کـوڕە عەتتـاران دایانـدا لـە چـوار گۆشـەی دە دووکانێ**
**وەرە ئازیـز سـەر کوڵمـەی بـە مـن بمێنـی بـە توێلکـی دە هەنـاری**
**ددانی بە برینجی سەدری**
**ئەگەر تاجر و توجاڕان دەیانهێنا لە ڕەژدێ و لە گێلانێ..** (گەنجی سـەر بـە مۆر: ٨٥)

هەروەهـا لـە گۆرانیشـدا بـۆ وەسـفی کـچ، لـە برنـج کەڵـک وەردەگیـرا:

**بەین و بەینەڵڵا جوانی بە ملوێنێ هەرزانی**
**مەخمەڵی هەمەدانی برنجی ڕەشت و گێلانی**

(زیرەک: ٨٩)

**

**دەرمانی حەوت دەردانی**

**برنجی ڕەشت و گێلانی** (زیرەک: ١١٠)

وەک لـەو نموونانـە دەردەکـەوێ، بەشـێوەی سـەرجەم، بەکارهێنانـی برنجـی سـەدری، بـۆ لێکچوانـدن (تشـبیە) کەڵکـی لـێ وەردەگیـرا؛ بـۆ وێنـە لـە بەیتـی سـەرەوەدا، ددان (مشـبە بـە) برنجـی سـەدری (مشـبە بـە) شـوبهێنراوە کـە هـۆی لێکچوواندنـی (وجەشـبە) ئـەم دووانـە؛ سـپی بـوون، یـان، زۆر سـپییە.

هەڵبـەت جـاری وا جگـە لـە ڕەنگـی سـپی و جوانیـی برنـج، بـە «بۆنـی»ی برنجیـش، ئامـاژە کـراوە؛ واتـە بـۆی خۆشـی دڵـدار، بـە برنجـی عەنبـەر بـۆ، شـوبهێنراوە:

**نە عەیبە و نە شکۆیە**

**ئەو دڵەی من عاشقی تۆیە**

**خزمینە مەمکەن لۆمە**

**وەک برنجی عەنبەر بۆیە** (زیرەک: ١٢٧).

هـاوکات بـە شـوێنی هـاوردەی برنجی سـەدریش؛ واتـە «ڕەشـت و گێـلان» ئامـاژە کـراوە. لـە فەرهەنگـی موعینـدا، لەمـەڕ سـەدری sadr-ī نووسـراوە: جۆرێـک برنجی باشـە کـە لـە گێـلان و مازەنـدەران، دادەچێنـرێ (موعیـن،١٣٦٠: ٢١٣٩).

وەک بـاس کـرا، کاروبـاری بازرگانـی برنـج لـە ڕەشـت و گێـلان، بـە دەسـت حاجـی محەمـەد حسـەین خـان سـەدر ئیسـفەهانییەوە بـووە و کشـتوکاڵی برنج بە هیممەتـی ئەو برەوی پەیدا کـردووە و بـۆ دوور و نزیـک هەنـاردە کـراوە کـە سـەرەنجام بووەتـە هـۆی نـاو داخسـتنی جۆرێـک برنـج بـە نـاو خۆیـەوە.

**سەدری، وەک ناو**

ئەگـەر هێنـدێ بـۆ ڕابـوردوو بگەڕێینـەوە و چـاو لـە ناوەکانـی زوو بکەیـن، بۆمـان دەردەکـەوێ کـە «سـەدری» وەک نـاو بـۆ ژنـان بـەکار بـراوە. بـۆ وێنـە؛ دادە سـەدری، سـەدری خانـم و... تـاد.

هـەر وەک پێشـتر بـاس کـرا، برنجـی سـەدری بـۆ وەسـفی جوانـی بـەکار دەهـات؛ بـۆ نموونـە ئەگـەر کچـێ زۆر جـوان بایـە، لـە وەسـفیدا دەیانکـوت: وەک برنجـی سـەدری وایـە! هـەر ئـەم پێوەندییـە لەگـەڵ جوانـی، بووەتـە هـۆی ئـەوەی سـەدری بکرێتـە نـاوی ژنـان؛ جیـا لـەوە، بێژەشـی لەسـەر زار خـۆش و هاسـان بـووە. هەڵبـەت ئـەم نـاو و وەسـفینە، هـەر سـەردەمێک بـەکار بـراوە، پاشـان وەلانـراوە.

**پەراوێزەکان:**

١- نیکیتیـن، جەخـت دەکا کـە لـە لێکۆڵینـەوە و تاووتـوێی وێـژەی کـوردی، دەبـێ فۆلکلـۆر لـە ڕیـزی یەکـەم دابنـرێ، چونکـە «سـەرەڕای ئـەوەی لەگـەڵ کەلەپـووری دەوڵەمەنـدی نەتەوەکانـی ڕابـوردوو پـەروەردە بـووە، بـە وورەی گیانبەخـش و وزەی سـەر سـوڕهێنەری خـۆی، بـەردەوام لـە نـوێ کردنەوەیـان دایـە و زۆرجاریـش بـە وەرگرتنـی بابەتـی فۆلکلـۆری لـە نەتەوەکانـی دراوسـێ و توانەوەیـان لـە قاڵبـی کـوردی، دەم بـەدەم پـەرە بـە شـکۆفایی و دەوڵەمەندبوونـی دەدا». (نیکیتیـن،١٣٦٦: ٥٣٦) لێـرەدا وشـە، یـان دەستەوشـەی برنجـی سـەدری ڕەنگـە گۆڕانکارییەکـی وای بەسـەردا نەهاتبـێ، بـەڵام هـەر ئەوەنـدە میکانیزمـی زمـان وەری گرتـووە و ڕایگوێسـتووەتە نـاو دەقـەوە، جـا چ لـە قاڵبـی وێکچوانـدن بـێ، چ لـە فۆڕمـی نـاودا، دەکـرێ بڵێیـن جۆرێـک توانـەوەی لـە قاڵبـی کوردیـدا بەخـۆوە بینیـوە.

٢- تێبینـی: لـە کتێبـی (شـرح زندگانـی مـن)، داچاندنـی برنجـی سـەدری، بـە یەکـێ لـە کارەکانـی میـرزا ئاغاخانـی نـووری، لـە قەڵـەم دراوە: «لـە کاری وەرزێریدا دەسـتی هەبـوو، تـۆوی برنجـی لـە

هیندوستانەوە هێنابوو، لە مەزراکانی خۆی لە مازەندەران دایدەچاند؛ چون لەگەڵ کەشوهەوای ئێران گونجاو بوو، بەرەوی بەخۆوە بینی و ئەمڕۆش ناوی سەدری هەر لەسەر ماوەتەوە.» (موستەوفی،١٣٨٤: ٨٧) وەک دەبینرێ، لەم سەرچاوەیەدا داچاندن و ناوداخستنی «برنجی سەدری»، مێژوویەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی میرزا ئاغاخانی نووری سەرەک وەزیری ناسرەدینشاه ١٨٥١-١٨٥٨ی زایینی. کەوابوو ئەم مێژووە بۆ برنجی سەدری، هێندێ لەچاو مێژووی دەسەڵاتی حاجی محەمەد حسەین خان ١٧٩٥-١٨٢٣ی زایینی، موتەئەخیر ترە. من بە لامەوە، ناوداخستنی ئەم جۆرە برنجە لەسەرەتادا، بە سۆنگەی حاجی محەمەد حسەین خانەوە بووە.

٣ - سەیفولدەولە کە سەفەرنامەکەی، بە «سەفەرنامەی مەککە» بەناوبانگە و مێژووی نووسینەکەی ڕەنگە ١٢٨٠ی کوچیی مانگیی/١٨٦٤ی زایینی بێ، باسی لە کشتوکاڵی دێم و بەراو و چاندنی «برنج» لە سنە و کرماشان کردووە. (سەیفولدەولە،١٣٦٤: ٢٦٥ - ٢٦٢) جۆیس بلوو، لەبارەی ئەو بەرهەمانەی لە لایەن کوردە وەرزێرکانەوە دەچێنرێ، دەڵێ: «کورد وەرزێرێکی زۆر باشن، گەنم و جۆ و برنج دەچێنن و لە کوێستانەکان وەکوو هەموو لبنانییەکان، لە ڕێگای دروستکردنی تراسی چکۆلەوە بە چاندنی گەنمەشامی، هەرزن و شاهدانە و تووتنەوە سەرقاڵن و تووتن یەکێک لە سەروەتەکانی ناوچەیە.» (بلوو،١٣٧٩: ٧)

### سەرچاوەکان:


١ - بامداد، مهدی (١٣٧١)، شرح رجال ایران قرنهای ١٤و١٣و١٢، ج ٣، چ ٤، تهران، انتشارات زوار.

٢ - بەحری، ئەحمەد (٢٠٠٠ز)، گەنجی سەر بە مۆر، بەرگی یەک، چ یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٣ - بلو، ژویس (١٣٧٩)، بررسی جامعەشناسی و تاریخی مسئلەی کرد، ترجمەی پرویز امینی، چ اول، تهران، نشر شالودە.

٤ - زیرەک، حەسەن (٢٠٠٦ز)، ناڵەشکێنە (گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک).

٥ - سیف‌الدولە، سلطان محمد (١٣٦٤)، سفرنامەی سیف‌الدولە معروف بە سفرنامەی مکە، بە تصحیح و تحشیەی علی‌اکبر خداپرست، چ اول، تهران، نشر نی.

٦ - شرفکندی، عبدالرحمن (١٣٦٩)، هەنبانە بورینە فرهنگ کردی ـ فارسی هەژار، چ اول، تهران، سروش.

٧ - صدر هاشمی، محمد (١٣٢٥)، احوال بزرگان: حاج محمد حسینخان صدر اصفهانی ملقب بە نظام الدولە، مجلەی یادگار، شمارە ١٨، صص ٥٧-٤١.

٨ - مستوفی، عبداللە (١٣٨٤)، شرح زندگانی من یا تاریخ اجتماعی و اداری دورەی قاجاریە، ج١، چ ٥، تهران، زوار.

٩ - معین، محمد (١٣٦٠)، فرهنگ فارسی، ج٢، تهران، موسسەی انتشارات امیرکبیر.

١٠ - موکریانی، گیوی (١٩٩٩ز)، فەرهەنگی کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

١١ - نیکیتین، واسیلی (١٣٦٦)، کرد و کردستان بررسی از نظر جامعەشناسی و تاریخی، ترجمەی محمد قاضی، چ اول، تهران، انتشارات نیلوفر.

١٢ - یحیی، دولت آبادی (١٣٦٢)، حیات یحیی، ج ١، چ ٤، تهران، انتشارات فردوسی.